کارەبای کوردستان: گرفتی پچڕانی کارەبا دروستدەبێت



وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی لە هێڵەکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بڕێک لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی دروستبو.

وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ شەممە لەڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، "بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی لە هێڵەکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بڕێک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دروستبو و بڕێکی کاتی کاریگەری لەسەر تۆڕی کارەبای نیشتیمانی دەبێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، تیمەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیای داناغاز سەرقاڵی چارەسەری گرفتەکەن و لە چەند کاتژمێری داهاتو گرفتەکە چارەسەر دەکەن و دۆخی کارەبا ئاسایی دەبێتەوە.

25ی مانگی رابردو وەزارەتی کارەبا لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی لە هێڵەکانی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بڕێک لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی دروستبو و بڕێکی کاتی کاریگەری لەسەر تۆڕی کارەبای

نیشتیما نی د□ب□ت.